گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# کارەکتەری ئایدۆلۆژی لە ڕۆمانی (جەمشید خانی مامم..) ی بەختیار عەلی

**ڕێبوار کریم سلێمان**
بەشی زمانی کوردی (ئەدەب) ،کۆلێژ ی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆ ی سەڵاحەددین، هەولێر, هەرێمی کوردستان ، عێراق
rebwarkareem22@gmail.com

**پ.ی. د تانیا أسعد محەمەد ساڵح**
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژ ی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆ ی سەڵاحەددین، هەولێر, هەرێمی کوردستان ، عێراق
tanya.mohamad@su.ed.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٤/١٤
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٦/٢٩
بڵاو کردنەوە: بەهار ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
*Roman, Ideology, Novelist, Character, Narrator, Direction*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.1.7

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (کارەکتەری ئایدۆلۆژی بە نموونەی ڕۆمانی "جەمشید خانی مامم ..." بەختیار عەلی) ییە. هەوڵێکە بۆ نیشاندان و تیشک خستنە سەر بابەتێکی گرنگ ئەویش ڕەهەندی ئایدۆلۆژییە لە ڕۆمان، دەرخستنی ئەنجامی کارەکتەری ئایدۆلۆژیستە. وادیارە تاکو ئێستا لە ئەدەبی کوردیدا و بە تایبەتی ئایدۆلۆژیای ڕۆمان کارێکی ئەوتۆی لەسەر نەکراوە. ئەو ڕەهەندە لە چاو ڕەهەندەکانی تر کەمتر قسەی لەسەر کراوە. ڕۆمان وەك ژانرێکی مۆدێرنی ئەدەبی لە ئایدۆلۆژیا خاڵی نییە، کارەکتەریش گەیاندنی فەلسەفە و ئایدیای ڕۆماننووسە بە خوێنەر.

## پێشەکی :

ڕۆمان وەکو ژانرێکی زیندوو مێژووییەکی دێرینی هەیە قۆناغ بە قۆناغ بەرەو پێش چوونی بە خۆیەوە بینیووە، هاو کات ئەم ژانرە ئەدەبییە هیچ کاتێك لە نوێبوونەوە ناکەوێت. بەو پێیەی ڕۆمان خاوەنی پێگە و بنیادێکی فراوانە، پڕیەتی لە ململانێی نێوان کارەکتەرەکان و کارەکتەر لەگەڵ خۆی و دەوروبەری، ئەمەش کاریگەریی لەسەر دەربڕین و فیکر و ئاڕاستەی ئایدۆلۆژی جۆراو جۆر دەبێت،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەموو ئەمانە لە ڕێی کەسایەتی کارەکتەرەوە چەکەرەی کردووە و لە دەقی ڕۆماندا ڕەنگی داوەتەوە. بێگومان ڕۆمان ڕەهەندی هەمەجۆری لە خۆگرتووە لەوانە، ڕەهەندی ( ئایدۆلۆژی، کۆمەڵایەتی، دەروونی...)، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لەم ڕۆمانەدا (بەختیار عەلی) ڕەهەندی ئایدۆلۆژی لە ڕێی کارەکتەری سەرەکییەوە بە خوێنەر گەیاندووە، ئەویش کارەکتەری (جەمشید خان)ە. ڕۆماننووس کارەکتەرێکی ئایدۆلۆژی ئامادە کردووە، کە هەر جارێك بە چەشنێك وابەستەی تەوژم و ئاڕاستەی جیاوازی ئایدۆلۆژی کردووە، بە شێوەیەکی گشتی کارەکتەری (جەمشید خان) ڕەمزی تاکی کوردی ئەم سەردەمەیە، کە تاکێکی سەرگەردان و سەرلێشێواوە و لە هەر کات و سەردەمێکدا هەڵگری ئایدۆلۆژیایەکە، ئەگەرچی زۆرجار بە ئارەزووی خۆشی نەبووە، بۆ نموونە : جارێك هەڵگری بیری چەپ و مارکسیزم بووە، جارێکیش توندڕەوێکی ئاینی بووە. جارێکیش پیاوی ڕژێمی بەعس و جارێکیش جل و بەرگی ئیمام لەبەردەکات وەکو پیاوی کۆماری ئیسلامی ئێران و جارێکیش  سۆفی و خواپرست، بۆیە بەختیار عەلی دەیەوێت لەم ڕۆمانەدا مەبەستە فیکری و ئایدۆلۆژیا شارەوەکانی خۆی لە ڕێی کارەکتەری (جەمشید خان)ەوە بگەیەنێت بە خوێنەر هەروەها واقیعی کۆمەڵگای کوردی دەربخات، بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆمانەکە لە زاری گێرەڕەوە (سالار خان) دەوری گێڕانەوەی ڕۆمانەکەی لە خۆ گرتووە، کە ڕاستەوخۆ کەوتۆتە ژێر کاریگەری خودی ڕۆماننووس. ئەم توێژینەوەیە لە سێ تەوەر پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەم باسی زاراوە و چەمکی ئایدۆلۆژیمان کردووە. تەوەری دووەم باسی ئایدیۆلۆژیا و ئەدەبمان کردووە، تەوەری سێیەم : باسی کارەکتەری ئایدۆلۆژی کراوە لە ڕۆمانی ( جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد). لە کۆتاییدا ئەو ئەنجامانەی بە دەستمان هێناوە خستوومانەتەڕوو، دواتر لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی دێت. هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەم سەردەمەدا ئایدۆلۆژیا بابەتێکی زیندوو و واقیعییە، چونکە ئایدۆلۆژیا گرێدراوی بارودۆخی سیاسی و فیکری فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییە. بێگومان ئایدۆلۆژیا بایەخێکی زۆری پێ دەدرێت لە ڕەخنەی ئەدەبی و دەقی ڕۆمان بە تایبەتی، بۆیە مەبەستمانە ئەم باسە بخەینەڕوو ئەگەرچی خەڵکانی تر لێرە و لەوێ بە سەرە دێڕ و وتار هەوڵی دەولەمەندکردنی ئەو ڕەهەندەیان داوە.

میتۆدی توێژینەوەکە : ئەم توێژینەوەیە بە پێی میتۆدی ڕەخنەی ئایدۆلۆژی – شیکاری ئەنجام داوە بە کاریگەری (قوتابخانەی ئەڵمانی) هەریەکە لە ( کارل مارکس، فریدریك ئەنگلس) دامەزرێنەری بوون. لەگەڵ سوود بینین لە ڕەخنەی هونەری.

## تەوەری یەکەم : زاراوە و چەمکی ئایدۆلۆژیا

ئایدۆلۆژیا لە کۆنەوە تا ئەمرۆ کۆمەڵێك پێناسە و چەمکی جۆراوجۆری لە خۆگرتووە، هەروەها بەردەوام لێکدانەوە و پێناسەی فرە ڕەهەندی بۆ کراوە. هەریەکێك لەم پێناسانە مەبەست و ئایدیایەکی تایبەتی لە پشت بووە، ئەمەش بۆتە بەڵگە لەسەر زیندوویەتی بابەتەکە و هەڵگری مەبەستی جیاواز لە بارەی چەمکەکەوە. زاراوەی ئایدۆلۆژی لە فەرهەنگی زاراوە سیاسییەکان بەم شێوەیە باسکراوە: (( لە زمانی فەرەنسی بریتیەلە (*I dee*) بە مانای وێنا (تصور) و ئەندێشە دێت ، (*Logy*) بە مانای ناسین دێت لە زاراوەی سیاییدا بریتییەلە فەلسەفەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی، کە تیایدا کردەو بیر بەیەك ئەندازە بایەخیان هەیە، ئایدیۆلۆجی سیستەمێکی ئەندێشەیە کە هەم دەخوازێ جیهان شەرح بکات هەم ئالوگۆری تیا بەدی بهێنێت. بە واتایەکی تر هەر ئایدۆلۆژیایەك مانای شێوازێکی خەیاڵی لە کۆمەڵگا ئەدا بە دەستەوەو لە لایەنگرانی خۆی چاوەڕوانی ئەوە ئەکات ئەو شێوازە تۆماربکەن)). (شەبانی، 2010، ل22). هەروەها لە کتێبی (موسوعة المفاهيم الأساسية في العلوم الأنسانية والفلسفة) بەم شێوەیە باسی زاراوەی ئایدۆلۆژی کراوە : ((وشەی ئایدلۆژیا دەگەڕێتەوە بۆ بنچینەی زمانی فەرەنسی ماناکەی پێشکەوتنێکی گەورەی بە خۆیەوە بینیووە لە ڕووی زمانەوانییەوە پێی دەگوترێت : زانستی بیرەکان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بیرو باوەڕیکی سیاسی و هزری)). (سبيلا، الهرموزی،2017،ل129)، هەروەها (عبداللە العروی) پێیوایە : (( وشەی ئایدۆلۆژیا لە هەموو زمانە زیندووەکاندا وشەیەکی نامۆیە لە بنچینەدا وشەیەکی فەرەنسییە بە مانای زانستی بیرەکان دێت، هەرچەندە واتای زمانەوانییەکەشی نەپاراستووە، چونکە ئەڵمانەکان وەریانگرتوو مانایەکی تریان پێبەخشی ئینجا گەڕایەوە لای فەرەنسییەکان تەنانەت لە زمانە ڕەسەنەکەی خۆشیدا نامۆیە)). (العروی، 2012، ل9). کەواتە دەتوانین بڵێین زاراوەی ئایدۆاۆژیا لە ڕووی زمانەوانییەوە لە هەردوو وشەی فەرەنسی (I dee) کە بە مانای بیرو بۆچوون دێت لەگەڵ وشەی (Logy) بە مانای زانست دێت. ئەوەی تێبینی دەکرێت هەر سێ سەرچاوەکە کۆك بوون لەسەر ئەوەی ئایدۆلۆژیا وشەیەکی ڕەسەنی فەرەنسییە، بە مانای

زانستی بیرەکان دێت، ڕەنگە عبدالله العروی بابەتیانەتر لە چاو ئەوانی تر زاراوەی ئایدۆلۆژی خستۆتە ڕوو، تەنانەت ئاماژەی داوە بەوەی ئەڵمانەکانیش سوودییان لە زاراوەکە بینیووە، دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین، کە بۆچوونی جیاواز لە بارەی زاراوەکەوە هەیە. بۆ نموونە (تۆم بۆتۆمۆر) لە کتێبی (قوتابخانەی فرانکفۆرت) پێی وایە : (( ئایدۆلۆژیا وشەیەکی داتاشراوە لە هەردوو واژەی یۆنانیIdea واتە بیرۆکە، و Logos واتە زانست، واتە بە مانای بیرناسی دێت)).(بۆتۆمۆر،2013،ل195). هەروەها دکتۆر (حەمید عەزیز) یش بە هەمان شێوە ڕای وایە : (( زاراوەی ئایدۆلۆژی وشەیەکی گریکی (یۆنان)ە لە دوو کەرتی (ئایدیۆ) واتە بیر و بۆچوون، سەرنجدان و کەرتی (لۆژی) واتە زانست، پێکهاتووە وشەکە مانای کۆ و تێکڕای جیهاندید و سەرنجدان و هزر و بیری چینێکی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێ، کە پتر بەلای جیهاندیدی سیاسیدا دەچێ)). ( عەزیز، 2009،ل 171).

دەکرێت بڵێین زاراوەی ئایدۆلۆژی بە بۆچوونی کەسانی تر دەگەڕێتەوە بۆ شارستانی یۆنانی، فرە ڕەهەندی و لێکدانەوەی هەمەجۆر بۆتە هۆی باس و خواسی زۆر و بۆچوونی جیاواز لەسەر خودی زاراوەکە لە ڕووی زمانەوانییەوە، بەڵام بە بۆچوونی توێژەر خودی زاراوەکە و ڕەگ و ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زمانی فەڕەنسی .

چەمکی ئایدۆلۆژی وەکو زۆربەی چەمکەکانی جیهان لێکدانەوە و شیکردنەوەی هەمەجۆری بۆ کراوە. چەمکی مێژوویی زاراوەی ئایدۆلۆژی دەگەڕێتەوە (( بۆ سەردەمی شۆڕشی فەڕەنسی کە لەساڵی (1790) بوو ... بەڵام وشەی ئایدۆلۆژی بۆ یەکەمجار بەکارهێنرا لەنێوان ساڵانی (1794 – 1798) لەلایەن ئەنتوان دی تراسی( *Destutt De Tracy* ) لەکاتی پێشکەش کردنی ڕاپۆرتێك بوو بە ناوی هێزی فکر)).(اندرو،1995،ل11).کەواتە چەمکی مێژوویی وشەی ئایدۆلۆژی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شۆڕشی فەڕەنسی و سەدەی هەژدەهەم، بەڵام گەشەکردنی چەمکەکە زیاتر لە سەدەی نۆزدەهەمدا بوو.

سەرەتا چەمکی ئایدۆلۆژی لای دوو بیرمەندی گەورەی بواری ئایدۆلۆژی باسدەکەین, هەریەکە لە کارل مارکس (1818-1883) و فریدریك ئەنگلس (1820-1895)، لە چەمکی ئایدۆلۆژییان کۆڵیوەتەوە، کە ڕۆلێکی گرنگی لەزانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بینیووە. ئایدۆلۆژیایان بەمجۆرە پێناسە دەکرد کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بریتیەلە : (( سیستەمێك لە هزری درۆینە، دەربڕینی شوێنگەی چینایەتی و پاساودانی دەسەڵتداریەتیی چینایەتی دەزانی)). (عەزیزی 2021،ل180-181).

وادیارە چەمکی ئایدۆلۆژی لە ڕووی کۆمەڵناسیی و سیاسییەوە بەکارهێنراوە لەلایەن کارل مارکسەوە ،ئایدۆلۆژیای بە هۆشیاری و فیکری درۆینە دانا، کەواتە مارکس ئەگەرچی لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژییەوە لە چەمکی ئایدۆلۆژیای ڕوانی، بەڵام ئەو چەمکەی گرێدا بە لایەنی ئابووری و سیاسییەوە، هەروەها کۆمەڵناسی ئەڵمانی (کارل مانهایم) ڕای وایە : (( زاراوەی ئایدۆلۆژیا لە زەینی زۆرینەی خەڵکدا پەیوەستە بە مارکسیزمەوە، هەر بۆیە ئەم پەیوەستکردنە پەرچەکرداریان بەرامبەر ئەم چەمکە دەستنیشان دەکات، چونکە بە گرنگی دەزانین بڵێین: سەرەڕای ئەوەی مارکسیزم بەشدارییەکی زۆری کردووە لە خستنەڕووی ئەو کێشەیە بەڵام وشەی ئایدۆلۆژیا و ماناکانی لە مێژوودا زۆر لە مارکسیزم کۆنترە، هەروەها لەگەڵ سەرهەڵدانی مارکسیزمدا مانای نوێی وەرگرتووە و مۆرکێکی سەربەخۆی لە مارکسییەت وەرگرتووە)). (مانهایم ،1980،ل129). هەروەها کارل مانهایم (1893-1947) لەلایەکی ترەوە پێی وابوو: (( ئایدۆلۆژیا وێنەدانەوەیەکی هەموو ژینگە مێژوویی وکۆمەڵایەتییەکانە.. تایبەتمەندی هەر ژینگەیەکی کۆمەڵایەتییە کاریگەری بخاتە سەر پرۆسە فیکرییەکانی مرۆڤ)) .(فریدین،2012،ل24).

دەتوانین بڵێین مارکس و کارل مانهایم لە بۆچوونەکانیاندا، کە لە بارەی چەمکی ئایدۆلۆژیاوە خراونەتە ڕوو زیاتر بە واقیعی چینەکانی کۆمەڵگاوە پەیوەستیان کردووە تا ڕادەیەك لە بۆچوونەکانیان لێك نزیکن و زیاتر چەمکی ئایدۆلۆژیایان گرێداوە بە ڕەگی کۆمەڵایەتی و چینایەتییەوە

ئەنتۆنیۆ گرامشی (1891- 1937) فەیلەسوفی مارکسی ئیتاڵی بەشدارییەکی چالاکی لە شیکردنەوەی چەمکی ئایدۆلۆژی بینیووە، بە ئیشکردن لەناو تەوژمی فیکری مارکسی تێگەیشتنی بۆ زاراوەکە دەستکاری کرد، لای گرامشی : (( ئایدۆلۆژی زیاتر بەچەکی هەژموون ناسراوە، هەژموونی ئایدۆلۆژیا، نەك تەنیا لەڕێگەی بەکارهێنانی هێزی دەوڵەت بەڵکو لەڕێگەی ئامرازی کەلتوریی جیاجیاوە لەلایەن چینێکی باڵا دەست لەو حالەتەوە وەرچەرخاند، کە تەنیا بەئامرازێکی دەوڵەت بێت )). ( فریدێن، 2012، ل33). هەروەها لویس ئاڵتۆسێر (1918 – 1990) فەیلەسوفی فەڕەنسی یەکێك بوو لە بەشدارە هەرە گرنگەکانی چەمکی ئایدۆلۆژی، ئالتۆسێر پێیوایە : (( چەمکی ئایدۆلۆژی لەهەمبەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یەك دانانی "دام ودەزگا ئایدیۆلۆژییەکانی حکوومەت" لەگەڵ دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانی حکوومەتی هێنایە ئاراوە و پەرەی پێدا)). (راجێر،2006،ل118).

لێرەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە چەمکی ئایدۆلۆژی بەندە بە دام و دەزگا ئایدۆلۆژییەکانی حکوومەت. ئەو ئایدۆلۆژیایە لە هەناوی کۆمەڵەوە سەرچاوەی گرتووە وەکو پەروەردە و ڕاگەیاندن و میدیا...هتد ئەمانە زیاتر بە پێی میکانیزمی ئایدۆلۆژی ڕەفتار دەکەن، بەڵام دام و دەزگا سەرکوتکەرەکان لە چەشنی پۆلیس و ئاسایش و هێزی سەربازی بە پێی توندو تیژی ڕەفتار دەکەن، هەروەها لویس ئالتۆسێر لەوەدا لەگەڵ مارکس هاوڕابوو کە زیاتر لایەنگیری چینی کرێکاری دەکرد، بەڵام چەمکێکی جیاوازی بە وشەی ئایدۆلۆژیا بەخشی کە بەرەو پێش چوونێکی گەورەی بە خۆیەوە بینی، چەمکی ئایدۆلۆژی پەیوەست کرد بە واقیعی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتەوە. دەتوانین بڵێین : ئەنتۆنیۆ گرامشی و لویس ئالتۆسێر هاوڕا بوون لە بارەی چەمکی ئایدۆلۆژیا زیاتر ئەوان لە ڕوانگەی سیاسی و دەسەڵاتەوە لە چەمکی ئایدۆلۆژییان کۆڵیوەتەوە پێچەوانەی کارل ماکس و فریدریك ئەنگلس و کارل مانهایم، کە زیاتر چەمکی ئایدۆلۆژیایان گرێدابوو بە سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵ و خەباتی چینایەتییەوە زیاتر لە ڕوانگەیەکی سۆسیۆلۆژییەوە لەو چەمکەیان دەڕوانی.

لە فەرهەنگی شیکارانە بەم شێوەیە پێناسە کراوە، کە شێوەی گشتی جیاوازە لە شێوەی تایبەتی و پیشەییەوە، چونکە بە شێوەی گشتی بریتییەلە: (( کۆمەڵە بیرو ڕایەك پێداویستی و خواستە کۆمەڵایەتییەکانی تاکە کەس تاقم، چین، کەلتورێك ئەنوێنێتەوە، بەڵام ئایدۆلۆژیا وەکو زاراوەیەکی تایبەت بەو کۆمەڵە بیر و باوەڕ و بیرۆکە ئەگوترێت کە لە گوتاری سیاسیدا بە تایبەت بەکارئەبررێ)) (سەجادی ،مەحموودی 2004،ل13). لە مانای گشتی ئایدۆلۆژیا ئەوەمان بۆڕوون دەبێتەو بیرو باوەڕێکە دەربڕینی ناخی کۆی ئەندامانی کۆمەڵە بەندە بە واقیعی کۆمەڵایەتییەوە، لەمەشدا زیاتر بە دیدێکی مارکسی لە ئایدۆلۆژیای ڕوانیوە، بەڵام فۆرمە تایبەتییەکەی زیاتر بەدیدێکی مارکسیستە نوێیەکان و لە پرسی هزری سیاسی و حزبیدا بەکاردێت بەپێی ژینگەی کۆمەڵایەتیش گۆڕانکاری بەسەردا دێت. کەواتە مانا تایبەتیەکەی لە گوتاری سیاسی نێوان پارت و لایەنە سیاسییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، هەروەها ئایدۆلۆژیا لە (فەرهەنگی نوێ) بەم جۆرە پێناسە کراوە: (( سیستەمی

تیۆری و بیرکردنەوەی سیاسی، ماف، هونەری، فەلسەفی، تیۆری لە زەمینەی ڕەوشتدا)) .(ئاشوری، پازارگاد 2003،ل13).

کەواتە ئایدۆلۆژیا بەشێکە لە بیرکردنەوەی سیاسی تاك بە تاکی ئەندامانی کۆمەڵ لەم چوارچێوەیەشدا هونەر و ئەدەب و فەلسەفە لەخۆ دەگرێت. دەتوانین بڵێین : لە کۆی پێناسەکان ئەوەمان بۆ ڕوون بووەوە ئایدۆلۆژیا بەندە بە بارودۆخی کۆمەڵگاوە چینە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگا هەریەکێکیان خاوەنی دیدگا و ئایدۆلۆژیای تایبەت بە خۆیانن ئەمانە بەردەوام لە ململانێدان دژ بەیەکتر بۆ نموونە: چینی فیوداڵ و سەرمایەداری لەبەرئەوەی خاوەن دەسەڵاتن لە هەوڵی سەپاندنی ئایدۆلۆژیا و هزری تاکڕەوانەی خۆیانن لە دژی چینی پرۆلیتار و کرێکار و جوتیاران.

## تەوەری دووەم : ئایدۆلۆژیا و ئەدەب

گومانی تێدانیە پەیوەندییەکی توندو تۆڵ لەنێوان ئەدەب و ئایدۆلۆژیا هەیە، بەهۆی فراوانی پانتایی ئەدەب و جۆراو جۆری ژانرەکانی بۆتە مەیدانێکی فراوان بۆ دەربڕینی بەها ئایدۆلۆژی و چەمکە فیکرییەکان. ئایدۆلۆژیا کۆمەڵێك بیرو باوەڕی سیاسی و ئاینی و کۆمەڵایەتییە مەیدانی دەربرینی دەقی ئەدەبییە، نووسەریش ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت لە پاشخان و بەرهەمە فیکرییەکانیدا. هەروەکو (ستیفود برك) پێی وایە: (( ئەدەب ئەو هەست و سۆز و بیر و باوەڕەیە کە لە دڵی زرینگ و هۆشیاران پەروەردە دەبێ و خوێنەر ڕادەکێشێ)). (شوان2018 ،ل:9)، واتا: ئەدەب هەڵوێستی نووسەرە لەدەقەوە ڕەنگیداوەتەوە بە ئامانجی خزمەت گەیاندن بە خوێنەر لە ڕێی هزر و فیکرەوە. نووسەری عەرەب دکتۆر (شکری عزیز ماضي) لای وایە : (( یەکەم کەس ئاماژەی بە پەیوەندی نێوان ئەدەب و ئایدۆلۆژیا کرد" کولیردج"ی شاعیر بوو, کاتێ وتی: ئەدەب ڕەخنەگرتنە لە ژیان)). (الماضي ،1993، ل124). واتا : هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی نییە خاڵی بێت لە ئایدۆلۆژیا, لەبەرئەوەی هەموو هونەرەکان سەرچاوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتن و پێوەرێکی ئایدۆلۆژی. هەروەها جۆرج پلخانۆفی ڕوسی (1856 -1918) ڕای وایە : ((ئەو بەرهەمە هونەرییەی بە تەواوی لە ناوەڕۆکێکی ئایدۆلۆژیکی بەتاڵ بووبێتەوە بوونی نییە)). (ئیلگتۆن ،2017 ،ل91).

کەواتە بە پێی لێکدانەوەی جۆرج بلخانۆف بێت مەرجی بوونی شاکار و بەرهەمێکی بەرزی ئەدەبی ئەوەیە دەبێت ڕەهەندێکی ئایدۆلۆژی لەو بەرهەمەدا ڕەنگیدابێتەوە. ئەمەش زیاتر لێکدانەوەیەکە بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیدێکی مارکسیانە ئاماژەی پێدراوە. لویس ئاڵتۆسێری فەرەنسی پێی وایە: (( ئەدەبیات بە گشتی ئەرك و کارکردنێکی تەم و مژاوی وبەپێچ و پەنای هەیە، بەواتای ئەوەی کە دەقی ئەدەبی وەك جۆرە ئایدۆلۆژیایەك دەکەوێتە کار هەر بۆیە خەڵك لە بارودۆخی ڕاستەقینەی ژیانیان خافڵ دەکا )) . (وێبستێر ،2006،ل138). هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی خاڵی نیە لە ئەندێشە وخەیاڵ و بیرێکیشی تێدایە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بوونی ئایدۆلۆژیایە لە دەقی ئەدەبی. دەبێ ئاماژە بەوە بدەین بۆچوونی مارکس لەبارەی هونەر و ئەدەب جیاواز بوو لەگەڵ ئەوانی پێش خۆی بەتایبەتی لەگەڵ فەیلەسوفی ئایدیالیزمی ئەڵمانی هیگڵ (1770 -1831)، کە پێی وابوو : ((هونەر ئامرازێکە لە ئامرازەکانی تێگەیشتنی مرۆڤ ، هەروەها هیگڵی ئایدیالیست جوانی ڕەها دوور لە واقیع کاری تێکردبوو تەنها شتێکی لا جوان بوو کە گوزارشت لە بیر بکا و بەس )). (فریفڵ، 2019، ل35). کەواتە هیگل هونەر و ئەدەبی گرێدابوو بە زانینی مرۆڤەوە، واتا: لەڕوانگەی تیۆری زانینەوە لە پەیوەندی نێوان ئەدەب و ئایدۆلۆژیای ڕوانیوە.بە واتایەکی تر دەقی ئەدەبی فەرامۆش کردبوو لە هۆکارە دەرەکییەکان، بە تایبەتی واقیعی کۆمەڵایەتی و ژینگە ...هتد، بەڵام بە پێچەوانەوە لای کارل مارکس : (( مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە چی چالاکی داهێنەرانەی هەیە لەچالاکی بەرهەم هێنانەوە سەرچاوە دەگرن )).(فریفڵ، 2019،ل39).کەواتە مارکس مرۆڤ و چالاکی و هەڵوێستە جۆراجۆرەکانی کە ڕۆژانە ئەنجامی دەدات، ئایدۆلۆژیاش بەشێکە لەو کار وکردەوانە گرێدراوە بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و واقیعی کۆمەڵگاوە ،واتا: مارکس لەڕوانگەیەکی تیۆری ڕەنگدانەوە لە پەیوەندی نێوان ئایدۆلۆژیا و ئەدەبی ڕوانیوە لە چوارچێوەی چالاکیەکی ئابووری و بەرهەم هێنانەوە، چونکە لەڕوانگەی مارکسیزمەکان ئەو بەرهەمانە بە هی مرۆڤ دادەنێن کە بە هەوڵ و ماندووبوونی مرۆڤ بەدی هاتووە، ئەدەب و هونەریش لەو چوارچێوەیە بایەخی پێدراوە کە چالاکییەکی بەرهەمهێنانە، بۆیە ئایدۆلۆژیاش ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لەو پرۆسەیەدا. هیگڵ دەیووت: ((هونەر ئاوێنەی ڕوحی بێ کۆتاییە، کەچی مارکس و ئەنگلس پێیان وابوو: هونەر ئاوێنەی واقیعێکە لە هۆشیاری مرۆڤدا جێگیربووە، ئەو واقیعەش لەگەڵ ڕەوتی مێژوودا ئەگۆردرێ لەبارێکەوە ئەچێتە بارێکی دی)) .(فریفڵ، 2019، ل55 -56). هیگڵ ڕابمێنی هەست دەکەی لەڕوانگەیەکی ئایدیالیزمییەوە لە ئەدەب و هونەری ڕوانیوە گرێی داوە بە ڕوح و زانینی مرۆڤەوە، هۆکارە

دەرەکییەکانی فەرامۆشکردووە بەتایبەتی واقیعی کۆمەڵایەتی، کە زیاتر مارکس و مارکسیزمە نوێیەکان جەختیان لەسەر کردۆتەوە ئەدەب و هونەرییان پەیوەستکردووە بە واقیعی چینایەتی لە چوارچێوەی مێژوودا بە گۆڕانی سەردەم دەگۆڕێت بە تایبەتی لە فەلسەفەی ماتریالیزمی مێژووییدا مارکس ئاماژەی پێدراوە.هەروەها فریدریش ئەنگلس تێروانینێکی نوێی هێنایە ئاراوە لە ساڵی 1888 دا ئەو پێی وایە: (( بەرهەمی ئەدەبی دەشێت لەڕوانگەی سیاسی و ئایدۆلۆژیکەکانی نووسەرەکەی بە جیاواز بزانرێت)). (بێرتێنز، 2015، ل158).

دەتوانین بڵێین ئەنگلس بە پێچەوانەی هیگڵ و مارکس بە تێڕوانینێکی نوێ لە پەیوەندی ئایدۆلۆژیا و ئەدەبی ڕوانیوە، وەکو هیگڵ تەنیا گرنگی بە ئیستاتیکای دەقی ئەدەبی بدات و لایەنگیری هونەر بۆ هونەر بێت، یان وەکو مارکس گرنگی بەو هۆکارە دەرەکییانە بدات کە کاریگەرن لەسەر دەقی ئەدەبی، بەڵکو ئەو دەقی ئەدەبی لە داهێنەرەکەی جیاکردەوە. واتا هیچ پەیوەندییەك لەنێوان دەقی ئەدەبی و لایەنی سیاسی نووسەرەکەی لە ئارادا نییە.

بێگومان هیچ دەقێکی ڕۆمان نابینیتەوە بە دوور بێت لە ڕەهەندی ئایدۆلۆژی، کارەکتەریش یەکەم وێستگەی بەرجەستە بوون و بنیاتنانی ئایدۆلۆژیایە لەناو دەقی ڕۆماندا. کارەکتەر وەکو ئامرازێك وایە بە دەست ڕۆماننووسەوە ئەرکی بەرەو پێش چوونی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانی پێ دەسپێردرێت، وادیارە ڕۆماننووس بەهۆی کارەکتەرەوە ڕەوشێکی پڕ لە ململانێ دروست دەکات، تاکو بەرهەمەکەی لە ئاستێکی بەرزدا بمینێتەوە. هەروەکو دکتۆر حەمە مەنتك پێی وایە: (( ڕۆماننووس لەڕێی ڕۆڵی کارەکتەرەکانیەوە هەڵوێست و ئایدۆلۆژیای خۆی بنیات دەنێت، چونکە ئایدۆلۆژیای کارەکتەرەکان ڕەگەزێکی ئیستاتیکییە و سروشتی ڕۆمانیش وایە دەبێت ئازادی بەریەککەوتن و ململانێی نێوان ئایدۆلۆژیاکانی هەبێت)). (مەنتك، 2021، ل761).دەتوانین بڵێین کارەکتەر دەنگ و ڕەنگی ڕۆماننووسە، زۆرجار بۆ بنیاتنانی کەشێکی پڕ لە ململانێ لەنێوان کارەکتەرەکان ئیستاتیکای دەقی ڕۆمان دەبێتە قوربانی ئایدۆلۆژیا و هەندێ جاریش ئایدۆلۆژیا دەبێتە هۆی خزمەت گەیاندن بە دەقەکە.

توێژەر پێی وایە ڕەنگە ئایدۆلۆژیا لە بەهای ئیستاتیکی دەقێکی شیعری کەم بکاتەوە بەشێك لە هونەرەکانی جوانکاری و ڕەوانبێژی لێ دابماڵێت، بەڵام بە پێچەوانەوە ئامادەبوونی ئایدۆلۆژیا لەناو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەقی ڕۆماندا ڕەنگە هۆکارێك بێت بۆ بەخشینی زیندوویەتی و ئیستاتیکا بە دەقەکە، بەهۆی فراوانی ڕووداو ەکانی ڕۆمان ڕەنگە زیاتر لە ژانرەکانی تری ئەدەب ئایدۆلۆژیای ڕۆڵی تێدا بگێرێت.

## تەوەری سێیەم : کارکتەری ئایدۆلۆژی لە ڕۆمانی (جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد).

هەڵبەت وەك ئاشکرایە ڕۆمان ژانرێکی نوێی ئەدەبیە، یەکێکە لەو ژانرانەی ژیانی واقیعی تێدا بەرجەستە دەبێت. ئەم ڕۆمانەی (بەختیار عەلی) یەکێکە لەو ڕۆمانە تاك دەنگانەی کە دەنگ و ڕەنگ وئ ایدیای ڕۆماننووس بەتەواوی ڕەنگیداوەتەوە. کارەکتەری سەرەکی ئەم ڕۆمانە (جەمشید خان)ە. کارەکتەرێکی ئاڵۆز وخاوەنی جۆرەها باکگراوندی سیاسی و مەزهەبی و فیکرییە، هەر جارەو لەگەڵ شەپۆڵ و تەوژمێك ڕێدەکات دەبێتە شوێن کەوتووی لایەن و دەوڵەتێك. بۆ جێبەجێکردن و بە ئەنجام گەیاندنی کارەکانی نووسەر دوو کارەکتەری هاریکاری بۆ کارەکتەری سەرەکی بەشداری پێکردووە. ئەوانیش (سمایل) خان و (سالار) خانە، ئەوەی یەکەمیان هیچ ڕۆلێکی ئەوتۆی نیە لەبەرەو پێش چوونی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە نییە زیاتر وەکو کارەکتەری سادە دەرکەوتووە، بەڵام هەرچی سالار خانە، وەکو کارەکتەر هیچ ڕۆلێکی ئەوتۆی نییە، بەڵام وەکو گێرەڕەوە ڕۆڵێکی کاریگەری بینییووە.

دەتوانین بڵێین ڕۆڵی گێرانەوەی ڕۆمانەکە لەزاری سالار خانەوە بەرجەستە بووە بۆتە ئامرازێك بۆ پرۆسەی گێرانەوە و ڕاستەوخۆ بۆتە سێبەری ڕۆماننووس و هەر کارێك و شتێك، کەمەبەستی بووە لەڕووی سیاسی و فیکری و کۆمەڵایەتی هەمووی لەڕێی سالار خانەوە گێردراوەتەوە. هەر سەبارەت بە کارەکتەری سەرەکی دیارە جەمشید خان ڕۆڵێکی بنچینەیی هەیە لە زۆربەی ڕووداوەکانی ڕۆماندا.ئەگەر سەیری ناونیشانی ڕۆمانەکەش بکەی (جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد) هەست بەوە دەکەی جەمشید خان پێگەیەکی دیارو دەنگێکی فرە ڕەنگ و تاکە دەنگی زاڵی ناو ڕۆمانەکەیە، هەر لە ناونیشانەکەدا ڕوون دەبێتەوە دەوری کارەکتەری سەرەکی پێ سپێردراوە .ئەوەشمان بۆ دەردەکەوێت کە هەرجارەو بایەك و شەپۆڵیکی سیاسی و مەزهەبی وفیکری لەگەڵ خۆیدا دەیبات بە هاتنە خوارەوەشی بۆ سەر زەوی یەکسەر ڕابردووی خۆی لێ وون دەبێت وسەر لە نوێ دەبێتەوە کەسێکی تر.

## 1 - ئاڕاستەی کۆمەنیست و چەپ

سەرەتای بیری سیاسی لای جەمشید خان ئەوەبوو کەسێکی کۆمەنیست بوو. ئەو کات سەرەتای ساڵی هەشتاکان لای زۆربەی خەڵك شتێکی باو و ئاسایی بوو، کە ببنە کۆمەنیست و خاوەن بیری چەپ، ئەو رێکخراو و پارتانەی لەو سەردەمە هاتنە مەیدانی سیاسییەوە وەکو کۆمەڵەی مارکسی – لینینی کە کۆتایی حەفتاکان سەریهەڵدا کاریگەربوون بە ئایدۆلۆژیای چەپ تەنانەت حزبەکانی ئەو کاتیش وەکو حزبی زەحمەتکێشان وحزبی سۆشیالیست و پاسۆك و ئاڵای شۆڕش و یەکێتی و پێش ئەوانیش حزبی شوعی هەمووی لەهزری مارکس و لینینەوە سەرچاوەی گرتبوو. بێگومان ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەش لەوکاتەوە دەستی پێکرد کاتێك گێرەڕەوە دەڵێت: (( لەسەرەتایی ساڵی 1979دا کە جەمشید خان بۆ یەکەم جار گیرا تەمەنی هەقدە ساڵ بوو...بە دروستی نازانین جەمشید خان کەی و چۆن بوو بە کۆمەنیست، بەتایبەت خێلی ئێمە یەکێك بوو لەوانەی پێشتر کۆمۆنیستی تێدا هەڵ نەکەوتبوو... بەعسییەکان ماوەیەك جەمشید لەنێوان گرتووخانە بەناوبانگ و ترسناکەکانی عێراقدا دەهێنن و دەبەن، پێدەچێت هۆی سەرەکی لاوازبوونی جەمشید خان و لە دەستدانی بۆ کێشی خۆی بگەڕێتەوە بۆ ئەو ماوە دوور و درێژەی ئەشکەنجەو برسییەتی کە لە زیندانە جیاوازەکاندا چەشتوویەتی. ئەوانەی ئەو دەم لە زیندان هاوڕێی جەمشیدبوون، باس لە دابەزینێکی کتوپەڕ و سەیر و نا ئاسایی کێش لەلای جەمشید خان دەکەن)). (عەلی،2020، ل5-6). زیندانەکانی بەعس بەوە ناسرابوو بەردەوام مرۆڤیان بە هەموو جۆرێك ئەشکەنجە دەدا ئەویش سزای جەستەیی و دەروونی و نەدانی خواردن و سووکایەتی بە شکۆی تاکی کورد و لەم کاتەشدا هەموو ئەو ڕووداوانە، بەهۆی جیاوازی بیروڕای سیاسی جەمشید خانەوە بوو، کە تەواو بێزار کردبوو بەتایبەتی ئەوانەی لەسەر کۆمۆنیستی دەست گیر دەکران. لەئەنجامدا بەهۆی کەمی کێشی لەشییەوە تەواو شەکەت بوو، بۆیە هەر کاتێك بایەکی بەهێز هەڵی بکردبایە خانی لەگەڵ خۆیدا دەبرد لەگەڵ کەوتنەوەی بەسەر زەوی تەواوی ڕابردووی خۆی وون دەکرد و بیرێکی نوێ لە مێشکی گەڵاڵە دەبوو.

ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە هەمووی واقیعی سەدەی ڕابردووی کۆمەڵگای کوردین، کە زۆربەی شەڕ و ناخۆشی کوشتن و بەدیلگرتنی هاوڵاتی کورد و لێدان و قۆڵبەستکردن و کونجی زیندان و نەبوونی ئازادی و ڕاگواستنی خەڵکی کورد لە شوێنی زێدی باب و باپیرانی و وێرانکردنی شارو لادێیەکانی

کوردستان وەکو دەڵێت: (( ئەو کات بەعسییەکان لەسەرتاسەری عێراق دەستیان کردبوو بە ڕاوەدونان و گرتن و ئازاردانی کۆمۆنیستەکان کە تا ماوەیەکی کورت لەووبەر یەکێك لە هاوپەیمانە سەرەکییەکانی "شۆڕش و سەرۆکی فەرماندە"بوون ....جەمشید بە خۆگرییەکی گەورەو پاڵەوانییەکی بێوێنەوە بەرگەی ئەشکەنجەی زیندانەکانی گرتووە)). (عەلی،2020، ل5). وادیارە کاتێك جەمشید خان ببوو بە کۆمەنیست دەیوویست جیاوازتر لە خزم و خەڵکانی تر دەرکەوێت. جەمشید خان بەهۆی شانازی کردن بە کۆمەنیست بوونی خۆیەوە جۆرێك لە خۆبەزلزانی لەناخیدا ڕەنگیدابووەوە.
دەتوانین بڵێین ڕۆماننووس لە دەمی گێرەڕەوە دەیەوێ بڵێت : لەسیاسەت دۆست و دوژمنی تا سەر بوونی نییە، ئەو لایەنەی ئەمڕۆ دۆستە ڕەنگە بەیانی دوژمنت بێت، هەروەها نابێت ئەوەشمان بیر بچێت، ڕۆماننووس لە دیدی کارەکتەرێکی وەکو جەمشید خانەوە باسی ستەمی بەعسییەکان دەکات بەرامبەر بەچەپ و کۆمۆنیستەکان، ئەگەرنا ئەو کات بەعس دوژمنی هەموو حزبێك بوو کە داوای مافە ڕەواکانی گەلی کوردی کردبایە . گێرەڕەوە دەڵێت : (( لەتەمەنی پازدە ساڵەوە کاتێك ببوو بە کۆمەنیست بە چاوێکی سووك و بچووك سەیری براکانی خۆی و حیسام خانی باوکی و خزمە نەجیبزادەکانیشی دەکرد، بەکەسانی ستەمکار وخوێنخۆری دەزانین ونەیدەهێشت کەس بە " جەمشید خان" بانگیبکات، بەڵکو دەبایە پێی بڵێن هاوڕێ جەمشید)). (عەلی ،2020، ل12). لەبەرئەوەی یەکێك لە پرەنسیپەکانی کۆمەنیست و شوعییەکان ئەوەبوو دروشمی دژی ستەمکارییان بەرزدەکردەوە و داوای یەکسانی ناو کۆمەڵگای دەکرد، ئەویش بەهۆی کاریگەیی بەو دروشمانەوە زۆر داب و نەریتی ناو کۆمەڵگای لا پەسەند نەبوو، بۆیە خزم و کەسە نزیکەکانی بەستەمکار و خراپەکار وەسف دەکرد.
بێگومان کەسایەتی جەمشید خان ناو خزم و ناسیاوەکانی دەنگی دابووەوە کە هەوادرێکی سەر سەختی ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیزمە، دیارە ڕووداوەکانی ئەو کاتی ساڵی (1979) وایکردبوو بەعسییە دڕندەکان بە توندرین و بەد ڕەفتارترین شێوە مامەلە لەگەڵ کۆمۆنیستەکان بەتایبەتی دوای هەڵوەشاندنەوەی ( جبهة الوطنیة )ی نێوان حزبی بەعسی ئیشتراکی و حزبی شیوعی عێراقی ئەو کات. دواتر خۆشەویستی جەمشید خان یان ڕاستتر بڵێین هاوڕێ جەمشید بۆ ڕێبازی مارکسی و کۆمۆنیزمی گەیشتبووە ڕادەیەك گێرەڕەوە دەڵێت: ((جەمشید خان ژوورەکەشی بە چەند وێنەیەکی گەورەی مارکس و ئەنگلز ڕازاندبووەوە ئەو ڕۆژەی کە من لەگەڵ باوکمدا چووم بۆ "بارانۆك" ئەو وێنە

کۆنەی جەمشید خان هێشتا هەر لە خەیاڵ و سەرمدا بوو ....کۆمۆنیستێك کە لە بڵندان و بە بچووکی سەیری ئێمەی خانەدان دەکات )). (عەلی،2020 ،ل13). لە جێگەیەکی تر گێرەرەوە دەڵێت : ((دوای سێ هەفتە بێهۆشی جەمشید ئێوارەیەك چاویکردەوە هێمن لەگەڵماندا کەوتە قسە، سەرەتا من هەستم بە گۆڕانێکی قوول و خێرا نەکرد، بەڵام دوایی دەرکەوت وەك چۆن جەمشید لەدوای کەوتنە خوارەوەی یەکەمی ئەوەی لەبیرچووەوە کە کۆمەنیست بووە)).(عەلی، 2020 ،ل51). کەواتە کارەکتەر هیچ پەیوەندییەکی بە هزری کۆمەنیست نەماوە و لەگەڵ هەر بەرزبوونەوەیەك بەرەو ئاسمان گۆڕانێك بەسەر فیکری دادێت. ئیتر لێرە بە دواوە بیرۆکەی لایەنێکی سیاسی نوێ لە خەیاڵیدا چەکەرە دەکات.

## 2 - ئاڕاستەی بێ باوەڕی و دژە دینی

جەمشید خان وەکو کارەکتەری سەرەکی لەو ڕۆمانەدا ئەمجارە ڕۆڵی کەسێکی بێ باوەڕ(ملحد) دەگێڕێت. فیکری ئەوە چۆتە مێشکییەوە، کە مرۆڤ لە باڵندەوە گەشەی کردووە وەکو کەسێك ڕەفتار دەکات کە بەربەرەکانی یاساکانی سروشت دەکات. ئەو بیرۆکەیەشی لە ئەنجامی خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی تیۆرەکەی چارلز داروینەوە ئەو بیرە هاتۆتە مێشکییەوە هۆکارێکی تریش ئەوەیە دەڵێن : مرۆڤ لە سەرەتادا مەیمون بووە، جەمشید خانیش دەیەوێت شتێك بدۆزێتەوە، تاکو ڕەچەڵەکی مرۆڤ بۆ باڵندە بگەڕێنێتەوە نەك گیانلەبەر. دیارە لای موسلمانانیش ئەم تیۆرە و تیۆرەکانی تر، کە دروستکراوی فەیلەسووف و بیرمەندە خۆر ئاواییەکانە ڕەت دەکرێتەوە و تەنانەت زۆر جار بە گومڕا و لادەر لە ئاین لەقەڵەم دەدرێت. کارەکتەریش وای بۆ دەچێت ئەو تیۆرە ڕێك لەگەڵ سروشتی جەستەی ئەودا یەکدەگرێتەوە، گێرەرەوە دەیووت : (( ئەو کات جەمشید ناردی و لەشار کتێبی زۆری بۆ هات یەکێك لەو کتێبانە ئەسڵی چەشنەکانی چارلز داروین بوو. ئەو چەند مانگەی لە بارانۆك برمانەسەر، مامم هەموو کاتی خۆی بۆ خوێندنەوەی ئەو کتێبە تەرخانکرد، چونکە لە ساتەکانی فڕیندا بیرۆکەیەك پەرِیبووە خەیاڵی و دەیویست تیۆرەیەکی دژ دابرێژێت و بیسەلمێنێت کەمرۆڤ لە باڵندەوە گەشەیکردووە نەوەك لە مەیمونەوە، هەتا چەند شەوێك بە دزییەوە هەندێك گۆڕی کۆنمان هەڵدایەوەو ئێسکەکانیمان دزی تا جەمشید بە ئێسکی ئەو باڵندانە بەراوردیان بکات کە بە ڕۆژ دوای نانخواردن لەسەر سفرەکە جێدەمان)). (عەلی ، 2020 ،ل24). لەلایەکی تر گێرەرەوە دەیووت : (( جەمشید خان ڕای وابوو کە سەیرکردنی مرۆڤ بۆ خودا وەك مەخلوقێك کە لەسەرەوە بۆ خوارەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەنواڕێت ولە بڵندییەوە ئادەمیزاد دەبینێت، دەگەڕێتەوە بۆ یادەوەریی دێرینی مرۆڤ، دەمانێك خۆی توانیویەتی بفڕێت )). (عەلی ، 2020، ل 25)).

توێژەر  پێی وایە بەکەم زانینی کاری خوا و گەڕانەوەی سروشتی مرۆڤ بۆ باڵندە، لەکاتێکدا لای خەڵکانی باوەڕدار ڕوون و ئاشکرایە کە مرۆڤ دروستکراوێکی پیرۆز و بێ کەم وکوڕییە و تێگەیشتووە دەتوانێت چاك و خراپەی خۆی لێك جیابکاتەوە، هەر بەم  پێوەرەش لە ڕۆژی دوایی لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت، کەواتە لە گۆشەنیگای خودییەوە لە کۆی مرۆڤایەتی ڕوانیوە، ئەم بیرۆکەیەش لەگەڵ ئایدۆلۆژیای ئاینە ئاسمانیەکان بە گشتی و ئاینی ئیسلام بە تایبەتی یەکناگرێتەوە. ئەوەی زیاتر ئەو بیردۆزی داروینی لا پەسەند کردبوو بونیادی فیزیکی جەستەی خان بوو، بەڵام ئەم تیۆرە زیاتر بێ باوەڕی و گومڕابوونی کارەکتەری خان بەرجەستە دەکات، بەهۆی ئەوەی شتی سەیر و نا لۆجیکی لە خەیاڵیدا چەکەرە دەکات، کە نە لەگەڵ داب و نەریتی کۆمەڵایەتی یەکناگرێتەوە.

## 3 - ئاڕاستەی بەعسییزم و پیاوی دەوڵەتی عێراق

دیارە جەمشید خان ساڵانێکی زۆر بە هۆی کۆمەنیست بوونییەوە خۆی  لە شوێنێکی دوورە دەست خۆی حەشار دابوو وەکو زۆربەی خەڵکی کوردستان، کە ساڵی هەشتاکان عێراق لە جەنگ دابوو لەگەڵ ئێران زۆربەی گوندە دوورە دەستەکان چۆڵ بوون لە ترسی بۆردومانی فرۆکەکانی عێراق و ئێران، یەکێك لەو شوێنانەش (بارانۆك)بوو، ئەو کات وابوو خەڵکانێکی زۆر بەتایبەتی ئەوانەی نەیاری ڕژێمی بەعس بوون لە شوێنێکی دوور و چۆلەوانی خۆیان حەشار دەدا یان دەبوونە پێشمەرگە و لەخەباتدا بەردەوام بوون دژ بە ڕژێم ،یان هەندێکیان لەبەرەکانی جەنگ ڕایان کردبوو لە ترسی ڕاژەی سەربازی دەبوونە گەڕیدە و لەچۆلەوانی بە تەنیا دەژیان جەمشید خانیش یەکێك بوو لەو کەسانە. سەرەتای پەیوەندیکردنی جەمشید خان بە بەعسییەکانەوە لەڕێی (داود خان) ەوە بوو وەکو دەڵێ: ((بەیانییەك داود خانی خزممان کە هەموو دەمانزانی پەیوەندی لەگەڵ بەرپرسەکانی حیزبی بەعسدا خۆشە، لەگەڵ باپیرمدا هاتن بۆبارانۆك وجەمشیدیان لەگەڵ خۆیاندا برد بۆ ئەوەی ناونووسی بکەن تا سوود لە لێبوردنەکە ببینێت)). (عەلی ،2020،ل28). هەروەها : ((جەمشید خان لە بنکەی سەرەکی ئاسایش خۆی تەسلیمکردەوە، بەڵام ڕاستەوخۆ ئازادیان نەکرد، لەوێوە پێیانگوت کە کاتی سەربازیی هاتووە و دەبێت بڕوات بۆ سووپا... سەرەتا ناردیان بۆ خەستەخانەیەکی تایبەت تا بچێتە بەر پشکنین، شەڕی

گەورەی عێراق و ئێرانیش لەچەند بەرەیەکی جیاوازەوە ئاگری گرت و هەڵگیرسا)). (عەلی ،2020،ل31). وادیارە لای بەعسییەکان وەکو نەریت وابوو هەر کەسێك خۆی ڕادەست کردبا یەکسەر ئازادیان نەدەکرد، بەڵکو لێکۆڵینەوەی وردیان لەگەڵ دەکرد ئەگەر هیچ تۆمەتێکی لەسەر نەچەسپابا ئەوکات ڕەوانەی خزمەتی سەربازی دەکرا، جەمشید خانیش وەکو دەیان پێشمەرگە و خەڵکی خۆ حەشاردراو دەبوو بەناچاری بەشداری شەڕ بکەن بە تایبەت شەڕێکی گەورە و درێژخایەنی هاوشێوەی شەڕی عێراق و ئێران کە دەرئەنجامەکانی لە پاشخانێکی ئایدۆلۆژی سیاسی و مەزهەبییەوە سەرچاوەی گرتبوو. لە لایەکی ترەوە گێرەڕەوە دەڵێت: (( گەر ئەو شەڕە نەبایە لەوانەبوو جەمشید بەهۆی لاوازی و بێکەلکییەوە لە سوپا وەرنەگیرێت، بەڵام جەنگ لە هەفتەی یەکەمەوە ڕوویەکی وەها ترسناك و تاریکی هەبوو، وایدەکرد ئەو پزیشکانەی لە لێژنەی پشککنیندا دادوەرن، بەلێشاو خەڵکانی پەککەوتە، بێ دەست و قاچ و نیوەکوێر و شێت بخەمە سوپاوە. ئەو دروشمەی پزیشکە بەعسییەکان لەو دەمەدا کاریان پێدەکرد ئەوەبوو: ئەگەر ساغبن یان نەخۆش، لە جەنگدا دەبێت هەموو جەنگاوەر بین و خزمەت بە سەرۆك بکەین)). (عەلی، 2020 ،ل 31) .

بەعسییەکان جگەلە مرۆڤی ساغ هەوڵیان دەدا پەککەوتە و کەم ئەندام و برینداریش ڕەوانەی شەڕ بکەن. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بێ ویژدانی حزبی بەعس و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ. ڕۆماننووس مەبەستیەتی بڵێت : لە وڵاتە تۆتالیتارییەکان سەرۆك هەموو شتێکە، لە توانایدایە هەموو گەل بکات بە قوربانی ئەوەی خۆی مەبەستییەتی ، بە پێچەوانەوە لەوڵاتە دیموکراسییەکان سەرۆك چوار ساڵ جارێك دەگۆردرێت و سەرۆك هەمیشە دەبێت خزمەتی هاوڵاتیان بکات، نەك مافیان زەوت بکات و بە ئارەزووی خۆی یاری بە چارەنووسییان بکات، هەر کاتێك حەزیکرد شەڕ هەڵبگیرسێنێت بەتایبەتی ئەو شەڕە هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێران بەرپاییکرد، جگە لە زیانە ئابوورییەکەی، زیانی گیانی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و دەروونی ...هتد. بەجێ هێشت. لەلایەکی تر گێرەڕەوە دەڵێت: (( باری لەش و توانای جەمشید وەها تایبەت بوو دەکرا لەگەڵ هەموو توندو تیژی ئەو یاسایانەدا کە لەخەستەخانەی سەربازی کاریان پێدەکرد لەپشکنین دەرچێت و لەخزمەتی سەربازی ئازاد بێت... دکتۆرە بەعسییەکان بۆ ئەوەی لە ڕاست و دروستی قسەکانی جەمشید دڵنیابن، دەینێرن بۆ جێگایەکی تایبەت و دوای هەندێك تاقیکردنەوە بۆیان دەردەکەوێت کە مامم بونیادێکی فیزیکی دیکەی هەیە کە جیاوازە لە بونیادی

فیزیکی مرۆڤە ئاساییەکان. دۆزینەوەی ئەو جیاوازییە لەبڕی ئەوەی دەرگای ئازادی لەسەر جەمشید بکاتەوە، بە پێچەوانەوە دەیکاتە چەکێکی سەربازی قورس کە سووپا دەشێت سوودی لێ ببینێت)). (عەلی، 2020 ،ل32). بۆیە سووپا بیریان لەوەکردەوە جەمشید خان بۆ کاری سیخوری بەسەر دوژمنە ئێرانییەکان بەکاربهێنن و بۆ ئەم مەبەستەش ((جەمشید خان ڕووبەڕوو لەگەڵ وەزیری بەرگری وڵاتدا دادەنیشێت، دیارە لە بارانۆك فاڵچییەك پێشبینی وەهای بۆ بکردبایانیە کە جەمشید دوای دوو هەفتەی تر لەگەڵ وەزیردا کۆدەبێتەوە، هەرسێکمان لەبەر قاقا دەخنکاین و لە پێکەنینا دەمردین... وەزیر دوای ئەوەی لەباغێکی هێمن چاوی بە فڕینی مامم دەکەوێت پێشوازییەکی تایبەتی لێدەکات و پێدەڵێت کە ئەو دەتوانێت سوودێکی گەورە بە هێزەکانی وڵاتەکەی بگەیەنێت. مامم جگەلەوەی خۆی خۆشحاڵ نیشانبدات چارەی تری نییە، چونکە دڵنیاییە هەر هەڵەیەکی بچوك دەشێت کۆتایی بە ژیانی بهێنێت. بۆ ئەوەی هیچ گومانێك دروست نەکات، دەم ودەست داوای جلی سەربازی دەکات و بەدەنگێکی بەرز دەڵێت بۆ خزمەتی خاکی وەتەن هیچ کەمتەرخەمییەك نانوێنم)). (عەلی ،2020,ل33). ئەمە سەرەتای ڕازیبوونی جەمشید خان بوو بۆ پشتیوانی بەعسییەکان لەبەرەکانی جەنگ، ئەو بەعسییەی کە ماوەیەك لەمەوبەر بەهۆی کۆمەنیستیبوونی توندترین سزایان دابوو لە بەندیخانە، هەروەها گێرەڕەوە دەڵێت: (( ئەو شەوە لەکاتی دیاریکراودا کاتێك با بەرەو باکووری خۆرهەڵات هەڵیکرد، من وسمایل، جەمشید خانمان بەرەو ئاسمان بەردا بای باشوور وەها خێرا بوو لە چەند ساتێکی کەمدا ئەو وەك کۆلارەیەکی ڕەش لە ئاسماندا ونبوو...کاری ئەو شەوەمان لەڕووی سەربازییەوە بە سەرکەوتنێکی بێوێنە دوایی هات، مامم لە باکوورەوەڕا تەواوی ئەو خاڵە نهێنی و مۆڵگە شاردراوەکانی ئێرانییەکانی دۆزییەوە کە دەبوو لە پەلاماری سبەیدا بیخەنەکار، ئەو شەوە لەدەمەو بەیانەوە وبەدرێژایی ڕۆژیش تۆپخانەکانی عێراق وفڕۆکە جەنگییەکانی سوپا ئەو شوێنە نهێنیانەیان کوتا کە مامە جەمشیدم دەست نیشانیکردبوون. ئەمەش وایکرد پلانی ئێرانییەکان لەو قۆڵەوە ماوەیەکی درێژ دوا بکەوێت .سەرفەیلەق بەدەست کەوتەکانی وەها خۆشحاڵ بوو دووجار باوەشی بە جەمشید دا کرد و گووتی "نیشتیمان قەرزباری تۆیە" لەوێوە ئەفسانەی کوردە باڵدارەکە بە هەموو سوپادا بڵاوبووەوە)). (عەلی، 2020 ،ل40 -41).

جەمشید خان لەگەڵ هەردوو برزاکەی سمایل خان و سالار خان بەشداربوون لە جەنگ ئەویش بە هەڵدانی جەمشید بەرەو ئاسمان دواتر ڕاگرتنی هاوسەنگی، بە هۆی ئەو پەتانەی لەدەستیاندا بوو. لەیەکەم کاری نهێنیدا لەبەرەکانی جەنگ سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا. ئەگەرچی ڕووداوەکە پڕە لە فانتازیا، بەڵام ڕەمزی واقیعی تاکی کوردە، کە کاتی خۆی خەڵکانێکی زۆری کورد لە سووپای بەعس بەشداربوون و یارمەتی ئەو ڕژێمەیان داوە کە هەر جارەی گەنجانی کوردی پەلکێشی شەڕێکی نەگریس کردووە. ئەنجامەکەشی بە زیانی خەڵکی کوردستان کۆتایی هاتووە. گێرەڕەوە لەشوێنێکی تر دەڵێت: (( ئێمە و مامە جەمشیدم لە زۆربەی شەڕە گرنگەکاندا ڕۆڵمان هەبوو، کە سوپاکانی عێراق پەلاماری خورەمشەهریان دا...پسپۆرەکانی سووپا هەندێك جلی تایبەتیان بۆ مامم دەستەبەرکرد، کە ڕەنگیان لەگەڵ هەموو تۆنە جیاوازەکانی ڕەنگی ئاسمان دەگونجا و پەتی وەهایان بۆ دەهێنایین، ئاویی وڕوون بوون و لەهەوادا نەدەبینران ....لەسەرەوەڕا دەیان هەزار لاشەی تێکەڵاوی سوپاکان کەوتنە بەردەمی، بەچاوی خۆی ئەو دڕندەیەتییەی بینی کە عێراقییەکان دەیاننواند، لەسەرەوەڕا کوشتنی هەزاران دیلی تەماشاکرد، کوچە بە کوچە لەگەڵ سووتانی خورەمشەهردا لەوێ بوو، بەسەر کێڵگە سووتاوەکانی نەوتی عەباداندا فڕی)).(عەلی،2020، ل43). دیارە کارەکتەر بە هۆی سروشتی کارەکەیەوە کە بەرزبوونەوە بەرەو ئاسمان و چاودێریکردنی دوژمن، ڕۆژانە شایەد حاڵی بینینی کوشتن و کاولکاری و تۆپبارانکردن و دەربەدەر بوونی سەدان خەڵکی ناوچە سنوورییەکان لە هەردوو دەولەتدا. لەشوێنێکی تر چارەنووسی جەمشید خان بەرەو نادیارییەکی بێ وێنە دەڕوات. ئیتر لەگەڵ بەرزبوونەوەی بەرەو ئاسمان ئەمجارە دەکەوێتە سنووری ئێران وەکو گێرەڕەوە دەڵێت: (( شەوێك لە هەرێمی واسیت دەبوو کارێکی نهێنی لەناو خاکی ئێران جێبەجێبکەین، فەرمان وابوو بەکۆمەکی دە کۆماندۆی تایبەت چەند کیلۆمەترێك بچینە ئەو دیو هێڵی بەرگری دوژمنەوە ...جەمشید گەیشتبووە بەرزایی خۆی کە ئێرانییەکان ئێمەیان دا بەر هاوەن ودەستڕێژ من و سمایل لەسەرەتادا خۆمان بە زەوییەکەوە نووسان... من بینیم یەکێك لە هاوەنەکان بەر ئەو بەکرە گەورەکە کەوت و ئەو پەتە پچڕا کە جەمشیدی بە زەوییەوە گرێدەدا...با جەمشیدی لەگەڵ خۆیدا بەرەو ئێران برد، هەرنۆ کۆماندۆکەی دیش کوژران، ئەوە تراژیدترین شەوی ژیانی سەربازیمان بوو)). (عەلی، 2020 ،ل53 -54). لەئەنجامی بۆسەیەکی سەربازە ئێرانییەکانەوە، ئیتر با جەمشیدی بەرەو سنووری ئێرانەوە برد، ئەمەش بووە هۆی

ئەوەی گۆڕانکارییەکی تر لە ئایدۆلۆژیای سیاسی کارەکتەر ڕوویدات. وەك چۆن پێشووتر کۆمەنیست بوو لەگەڵ بەرزبوون وکەوتنەوەی بەسەر زەوی بوو بە پیاوی بەعس، ئەمجارەش لە بەعسیبوونەوە بووە کارەکتەر و جەنگاوەرێکی ئێرانی

## 4 - ئاراسەی مەزهەبگەرایی و بوون بە پیاوی کۆماری ئیسلامی ئێران

لەدوای ئەوەی با جەمشیدی لەگەڵ خۆیدا بەرەو خاکی ئێران، لەم کاتەدا جەمشید خان کەوتە دەست سووپاکەی ئێران، لێرەوە ڕۆڵی جەمشید خان وەك پیاوی کۆماری ئیسلامی دەرکەوت کاتێك : (( ئێرانییەکان جەمشید خانیان گرت نەیان کوشت. جەمشید خانێکی مردوو سوودی بۆ ئێران چییە؟ سەرهەنگ پور یاوەری وای بە مامم گوتبوو. ئێرانییەکان هەمان یارییان بە مامە جەمشیدم کرد کە عێراقییەکان کردیان، نەوەك هەر ئەوە، بەڵکو زۆرجار جلی ئیمامەتیشیان لەبەردەکرد و لەناو سەرباز و بەسیج و پاسدارانددا دەیانکردە هەڵا و دەیانگووت: "ڕەزمەندگان.. ڕەزمەندگان..بڕوانن، ئەوە ڕوحیانەتی ئیمام حوسەینە لەسەرەوەڕا دەمانپارێزێت)).(عەلی،2020، ل56).

لای ئێرانییەکان شتێکی سەیر بوو مرۆڤێکی وا سووك بە ئاسمانەوە بێت و سروشتی مەزهەبی شیعە وایە حەز بە گیانی پیرۆزکردنی ئیمام و پیاوچاکان دەکەن، بە ئارەزوون دیاردەیەکی نامۆ بینن بیگەڕێننەوە سەر روحیانەتی ئیمامی حەسەن و حوسێن. لای ئەوانیش خان وەکو پاداشتی ئیلاهی و حوسەین لێیان دەڕوانی.ئەگەر چی جەمشید کاتێك لە عێراق بوو سالار خان و سمایل خان یاوەری بوون بۆ بەرزکردنەوەی بەرەو ئاسمان هەروەکو پێشووتر ئاماژەمان پێدا، بەڵام کاتێك کەوتە سنووری وڵاتی ئێران کەسانی تر بەو کارە هەڵسا هەروەکو گێرەڕەوە دەڵێت : (( لەسەر داواکاری خۆی دوو یاریدەدەری هەمیشەییان خستبووە خزمەتییەوە، کە ناویان "غولام ڕەزا تاهیری. و حوسەینعەلی فەسیحی" بوو، کە دوو گەنجی خۆشڕوو دەبن، هەردووکیان عەرەبی بە باشی دەزانن و کاریان بەسەرێك قایمکردنی پەتەکان و بەسەرێکی دی وانەدادانی فارسی و ڕوونکردنەوەی خەتی ئیمامە بۆ جەمشید... ئەوان بە مامم دەڵێن: لەو ڕۆژانەدا کە ئەو جلی ئیمامەت دەپۆشێت و وەك سێبەری حوسەین یان ئیمامی عەسکەری بەسەر سوپادا دەفڕێت، ئەوە ئەوە گەنجانی مەزهەبدار وەها جۆش دەدات، ئیدی بە عەشقی کەربەلاوە خۆیان بە کێڵگەکانی میندا دەدەن و باکیان بە مردن نامینێت)). (عەلی،2020، ل57).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەواتە ئێرانییەکان هەوڵیان دەدا جەمشید لەڕووی مەزهەبیەوە ئامادەبکەن، چونکە ئەوان وەکو گیانی ئیمامەکانی خۆیان سەیرییان دەکرد دروستکراوێکی ئاوا سەیر بتوانێت لەئاسمان دەوران بکات و چاودێری دوژمنی پێ بکرێت.کەواتە لەم کاتەوە جەمشید وەکو کەسێکی مەزهەبی وخۆشەویستی ئیمام و پیاوی دەولەتی ئێران خزمەت دەکات لە بواری سەربازیدا. ڕۆمانووس دەیەوێ ئەوەمان پێ بلێت : کە وڵاتێکی مەزهەبگەرایی وەکو کۆماری ئیسلامی ئێران بۆتە نوێنەری هەموو مەزهەبی شیعە لە جیهاندا، هەروەها گێرەڕەوە دەیووت: (( مامم بەچاوی خۆی دەیبینی کارە سووك و ئاسانەکەی ئەو، چی بەسەر ئەو هەموو کوڕە گەنجەدا دێنێت، کە هێندەی ئەو لە ئاسماندا دەیبینن، دەگەنە یەقینێکی مەزهەبی ڕەها ترسیان لە مردن نامینێت)).(عەلی، 2020،ل58). دەتوانین بڵێین لەو ڕووداوانەی کە جەمشید خان بەشداربوو بە واقیعی کوژران و برینداربوون و بێسەر وشوێن بوونی گەنجێکی زۆری دەبینی لە هەردوولا لە شەرێکی بێ ئامانج دەکوژران، یەکێکیان کە ڕژێمی بەعسی فاشی بوو بە ناوی پارێزەری عەرەب و یەکپارچەیی عێراق ئەو شەڕەی دەکرد کە ناسیۆنالیست ڕۆڵێکی سەرەکی تێدا دەگێڕا، ئەوەی تریشیان وڵاتێکی مەزهەبگەرای شیعی بوو،کە ڕەوایەتی دابوو بە کوشتنی گەنجە عێراقییەکان.جەمشید لەو باوەڕە دابوو ئەو جەنگەماڵکاولکارییە هەزاران گەنجی لە هەردوولا بەکوشتدا، لەلایەکی ترەوە ڕەنگدانەوەی واقیعێکی تاڵە ئێستا بۆتە بەشێك لە ڕابردوو.

دواجار جەمشید خان بیرۆکەی خۆ دەربازبوون لەو جەنگە تراژیدییە دەچێتە مێشکییەوە لەبەرئەوە : (( شەوێك بە دوو یاوەرەکەی دەڵێت کە ئیتر نایەوێت چیتر تەماشای ئەم شەڕە بکات و دەیەوێت هەڵبێت و بگەڕێتەوە بۆ باکوور. لە شەوێکی بادار ولەکونجێکدا کە گێژەن زۆر دەیگرێتەوە، دوو گەنجە ئێرانییەکە دوای ئەوەی هەندێك پارە و ئەدرێسی پێویستی ناو ئێران دەدەنە جەمشید، تا لە سەفەری گەڕانەوەیدا نەگیرێت و بێکۆمەك نەمینێتەوە بە پەتێکی باریك و بێزامن مامم دەبەستنەوە بەرەو بەرزاییەکی زۆر دوور لەئاسماندا بەریبدەن. لەوێ لە کەشکەکانی فەلەکدا کە جەمشید هەست دەکات گوژمی با زۆر بە هێزە دەتوانێت بۆ دوور هەڵی بگرێت، پەت دەپچرێت و با بە خێراییەکی شێتانە ڕووەو قوڵایی خاکێکی غەریب دەیفرێنێت و سەدان کیلۆمەتر دوور لە جەنگ لە باغێکی میوەی نزیکی ئەسفەهاندا دایدەگرێتەوە بۆ زەمین)). (عەلی، 2020 ،ل58 -59). لێرە بە دواوە دەوری جەمشید خان کۆتایی هات. ئەوەش نیشان دەدات  تاکی کورد بە حەزەوە هەنگاو بۆ کارێکی لەو جۆرە نابات کە ببێت

بە پیاوی دەوڵەتانی دراوسێ، بەڵکو لە بێ وڵاتی و کەساسی و پارچە پارچە بوونی خۆیەوە هەر جارە و پەیوەست دەبێت بە ئاراستە و دەوڵەت و ئایدۆلۆژیایەك.

## 5- ئاڕاستەی خواپەرستی و دینداری

لەدوای ئەوەی جەمشید خان کەوتە خوارەوە بەسەر زەوی ئیتر ئەمجارەش فیکر و مەیلی کەسایەتی لەسەر لایەنی دینی دەگیرسێتەوە گێرەڕەوە دەڵێت: (( مامم دوای بەربوونەوەی جگەلە ناوی خودا هیچی دیکە ناڵێتەوە، تەنیا شتێك دەیکات سەر بۆ ئاسمان بەرزدەکاتەوە و پەنجە بۆ سەرەوە بڵند دەکات و وەك لاڵێك شتێکی مەترسیدار نیشانی خەڵك بدات، دەڵێت: خودا... خودا...خودا...خان جگەلە کەڵکەڵەی خودا هیچی دی لەسەردا نەبوو. ئەوەی لە بیربوو لەگەڵ سوپای تورکیادا شەڕیکردووە، بەڵام نەیدەزانی چۆن و لەبەرچی، لەیەك شت دڵنیابوو ئەویش ئەوەبوو لە دوای فڕیندا خودای بینیووە)). (عەلی،2020، ل103-104).

وەکو پێشووتر ئاماژەمان پێدا خان لەگەڵ هەر کەوتنە خوارەوەی بەسەر زەوییەکی نوێ و نیشتمانێکی دیکەدا بیر و خەیاڵی بە ئاڕاستەیەکی تر هەنگاوی دەهاوێشت، ئیتر ئەمجارەشیان لەسەر خواپەرستیگیرسایەوە، ئەمجارە بە پێچەوانەوە ئایدۆلۆژیای ڕابردووی ڕەفتاری دەکرد. بۆ نموونە: لە ڕابردوو بەهۆی کۆمەنیست بوونییەوە لەلایەن بەعسییەکان ئازاردرابوو، ئەمجارە بە پێچەوانەوە ببووە پیاوی بەعس و هەمووی ڕابردووی خۆی لە یادکرد، کە کاتی خۆی دەردەسەری و ناخۆسی چەشتووە لەلایەن ئەو ڕژێمەوە، هەروەها ئەگەرچی پێشووتر هەندێك جار وەکو بێ باوەڕێك ڕەفتاری دەکرد وەکو ئەوەی پێشووتر کاریگەربوو بە تیۆری چارلز داروین، باوەڕێکی وای لە مێشکی چەسپا بوو کە مرۆڤ لەڕووی دروست بوونەوە سەرەتا باڵندە بووە، ڕەفتارێکی بێ باوەڕانەی ئەنجام دەدا.

ئێستا جەمشید خان وەکو باوەڕدارێك تەنانەت لە کاتی ناخۆشی و تەنگەتاویدا ئەوەی لە هزریدا مابێتەوە تەنیا خودایە.باوەڕداری خان زیاتر ڕوویەکی سۆفینزمانەی هەبوو. هەندێ جار زیادەڕەوی لە وتە و دەربڕینانە دەکرد و زۆرجار کۆمەڵە خەڵکێك هەستیان بە دڵخۆشی دەکرد کاتێ گوێیان لێدەبوو جەمشید خان باسی ئاین و سۆفیگەری دەکات، لەهەمان کاتدا خەڵکانێکی زۆریش هەبوو دژی بۆچوون و ئایدۆلۆژیای خان بوون بە کافر لە قەڵەمیان دەدا، ئەم هەڵوێست و ئایدۆلۆژیا جۆراو جۆرەی خان هەیبوو ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگا و ژیانی ڕابردوو و واقیعی ئێستامانە، زۆرجار سالار خان ئامۆژگاری

خانی دەكرد كە  خۆی تووشی لە هەندێ بابەت نەدات كە زانیاری لەسەر نیە، ڕەنگە تووشی كێشە بێت لەگەڵ ئیسلامییەكان، هەروەكو گێرەڕەوە دەڵێت: (( من مامم ئاگادار كردەوە و گووتم جەمشید خان ئیسلامییەكان ئێستا بەهێزن، ئەوان ئەمجۆرە قسانە بە كوفر حیساب دەكەن، بینینی خودا لە قودرەتی ئادەمیزادا نییە، ئیدیعای لەو جۆرە دەشێت عاقیبەتی خراپی بۆ تۆ هەبێت. جەمشید گووتی: خودا مۆلەت لە كەس وەرناگرێت تا خۆی پێشانی عەبدەكانی خۆی بدات، كێ چوزانێت خودا چی دەكات و چی ناكات، ئەوانەی وا دەڵێن دەبێت شەرم لە خۆیان بكەن)). (عەلی، 2020، ل105). گێرەڕەوە دەیەوێ ئەوە بڵێت: حزبە ئیسلامییەكان خۆیان بە نوێنەری ئاینی ئیسلام داناوە بە تایبەتی لە كۆمەڵگای ئێمەدا، چونكە ڕووداوەكانی ناو ڕۆمان و ئەو بیرەی ڕۆماننووس لەسەری دەڕوات هەمووی لەكۆمەڵگای كوردی ڕوویانداوە، بۆیە شتێكی نوێ نییە، كە سۆفی و دەروێشەكان زۆربەی كات تووشی كێشە و ململانێیەكی توند دەبنەوە لەگەڵ حزبە ئیسلامییەكان،

دەتوانین بڵێین هیچ كام لەوانە بەتەواوی نوێنەرایەتی ڕەهای ئاین ناكەن، ئەو كێشە و ململانێیانە لە نێوان سۆفی و ئیسلامییەكان لە كۆنەوە تا ئەمڕۆ بەردەوامە، كەواتە جەمشید خان لەم ڕۆمانە وەكو كەسێكی سۆفی و باوەردار ڕەفتار دەكات، كە لەتوانایدایە بە دیداری خوای جیهان ئاشنابێت، بێ ئەوەی هیچ گومانێك لە دڵی دابێت،خۆی لە ڕاستیدا شتێكی بەڵگە نەویستە خوای گەورە مەیلی لە بینینی بەندەیەكی چاكەخواز بێت، بە هیچ شێوەیەك ڕەتی ناكاتەوە.سەرەڕای هەموو ئەو كێشە و گرفتانەی ڕووبەڕووی دەبووەوە لەگەڵ ئیسلامییەكان، بەڵام لەڕووی بنەماوە خان خۆی لەوان پێ باوەڕدارتربوو.

جەمشید خان : (( دەیویست لە خودا تێبگات. تاكە شتێك كە لە خەیاڵیدا بوو ئەوە بوو زۆرترین پەت بكڕێن، گووتی تا بەرز بفرم، ئەگەری بینینی خودا زۆرترە. لەكۆتایی هەفتەی چوارەمدا جەمشید بە گێژی و مەستییەكی بێوێنەوە، بە نورێكی گەورەوە لە چاویدا بە ڕوناكییەكی گەورەوە لە دڵیدا دابەزی و گووتی : بینیم خودام بینی نورێكی خالیس بوو كە جگەلە نور هیچی دی لێ ناكەوێتەوە، گووتی كە خودا پێیگوتووە من كێشی تۆم وەها سووك كردوە تا وەك موعجیزەیەك پێشانی موسڵمانانی بدەیت و خودا ئیرادەی لەسەر هەر چییەك بێت دەیكات، بڕۆ و بە ئیمانداران بڵێ: كە تۆ یەزدانی گەورەت بینیوە و پێیگوتوویت بفڕە تا خەڵك توانا و گەورەیی خالیق ببینن)). (عەلی ،2020،ل 105-106). لێرەدا كارەكتەر وەكو پێغەمبەر و پیاو چاكێك هەڵسوكەوت دەكات كە توانیویەتی بەرزبێتەوە ئاسمان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و ڕووبەروو قسە لەگەڵ خودای گەورە بکات، ئەمەش لەلای هەندێ کەسەوە، نەك موعجیزە نیە، بەڵکو بە بێ باوەڕی و جۆرێك لە هاوبەشی پەیداکردن هەژمار دەکرێت.

سەرەتا جەمشید خان وەکو خواناس و باوەڕدارێك لە مزگەوت خۆی ناساند. دەیویست هەر چ بەرنامە و پەیامێکی هەیە لەڕێی مینبەری مزگەوتەکانەوە خەڵك لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە. گێرەرەوە دەیووت: (( دیمەنی دەروێشەکان مامە جەمشیدی سەرسامکرد و گووتی لێرەدا و لەگەڵ ئەم پۆلە دەروێشەدا دەستدەکەین بە پەیامی خۆمان.کە مەلای مزگەوتەکە چیرۆکی جەمشیدی بیست زۆر دڵی خۆش بوو، زۆر هانی ماممی دا لە گۆڕەپانی گەورەی مزگەوتەکەدا ئەو توانا گەورەیەی خۆی کە خودا پێی بەخشیوە نیشانی بدات تا ئەوانەی گومانیان لە قودرەتی ئیلاهیە، باوەڕبهێنن. هەفتەیەك دواتر کە دەروێشەکان لە ئاهەنگی زیکر بوونەوە، مەلای مزگەوتەکە داوای لەخەڵك کرد نەڕۆن لەبەرئەوەی موعحیزەیەکی خودایی گەورە هەیە دەبێت ببینن. ئەو ڕۆژە من وسمایل وەك هەمیشە لە ناوەڕاستی مەیدانی زیکرەکەدا پەتمان ڕاکێشا و لەناو هاواری ئەڵاهوئەکبەر و سەڵاواتداندا جەمشیدیان بەرزکردەوە، هەر جەمشید لە زەوی ترازا و بەرزبووەوە، ئیماندران کردیانە بانگهەڵدان و تەهلیلەکردن... سەرسامی موسڵمانان و بڕوایان بە تواناو کەراماتی جەمشید بە ئەندازەیەك بەهێز بوو، هەندێکیان باوەڕیان بە هەموو قسەیەکی خان دەهێنا و وەك جۆرە وەلی وخوداناسێك سەیریاندەکرد کە لەم سەردەم و زەمەنەدا بێوێنە بێت. ئیدی لەو ڕۆژەوە جەمشید هەموو هەینییەك لە هەوای مزگەوتی دوو گومەزەدا دەفڕی و باسی چاوپێکەوتنەکانی نێوان خۆی و خودای دەکرد)). (عەلی، 2020، ل 108 - 109).

توێژەر پێیوایە جەمشید خان باوەڕداریەکەی بە جۆرێك بوو زیاتر لە سۆفی دەچوو، هەر بۆیە زۆربەی دەروێشەکانی مزگەوتەکە سەرسام بوون بە خان، گێرەرەوە دەڵێت: (( ژمارەیەك لە مەلاکان و لەوانەی لەگەڵ هێزە ئیسلامییەکان کاریان دەکرد، خانیان وەك سیحر باز و بیدعەچییەك سەیردەکردکە موسڵمانان لەڕێگای جیهادی ڕاستەقینە لادەدات. وای لێهات لە هەندێك مزگەوتی دییەوە کەوتنە باسی کافر و سیحربازێکی لادەر کە بانگەشەی ئەوە دەکات دەفڕێت ولە مەلەکوت چاوی بە باری تەعالا دەکەوێت...ئیدی ڕۆژێکیان ئەوە ڕوویدا کە هەر دەبایە ڕوویبدایە. یەکێك لەوانەی کە هاتبوون بۆ گوێگرتن لە وتارەکانی جەمشید لە خوارەوە هاواری لێکرد هێی تۆ جەمشید خان گوێبگرە... تۆ کابرا،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خۆت چیت وجورمت چییە تا خودای گەورە بابایەکی کۆنە کافری وەك تۆ ببینێت... شەرم لەو درۆیانە ناکەیت، ئەوەی تۆ دەیڵێیت کوفرە، تا نەهاتووم بە شەق دامنەگرتوویت، خۆت وەك پیاو لەو پەتە وەرە خوارێ و واز لەم سیحر وشە عوەزەکارییە بهێنە)). (عەلی، 2020، ل114- 115) .

توێژەر پێی وایە ڕۆماننووس لە زاری کارەکتەرەوە دەیەوێ ئەوەمان پێ بڵێت : جەمشید خان کارەکتەرێکە کردەوەکانی مەیلی سۆفی و دەروێشی لە خۆگرتووە، ئەمەش بە دڵی زۆر کەس نابێت بە تایبەتی حزبە ئیسلامییەکان، چونکە ئەوان دەستوەردان لە هەموو کارێك دەکەن، ئەگەر پەیوەندی بە ئاینەوە هەبێت، خۆیان بە نوێنەری موسڵمانان دادەنێن، تەنانەت دژایەتی ئایدۆلۆژیای هەر کەسێك دەکەن، کە لەگەڵ مەبەست و بەرنامەکانی ئەوان یەکنەگرێتەوە. هەروەها بەردەوام هەوڵی زاڵبوونی فەلسەفە وهزری خۆیان دەدەن، لەهەمانکاتدا دەست دەکەن بە تۆمەت بەخشین بۆ نەیارەکانیان بە گومڕا و سەر لێشێوا و دژە دین تۆمەتباریان دەکەن. جەمشید خانیش یەکێك بوو لەوکەسانەی کەوتبووە بەر شاڵاوی حزبە ئیسلامییەکان. شتێکی نوێ نییە.

## ئەنجام :

1 - ڕۆماننووس خەیاڵێکی فانتازیایی بەخشیووەتە کارەکتەری سەرەکی، بۆتە هۆی ڕەنگدانەوەی ئاڕاستەی ئایدۆلۆژی جۆراوجۆر لە کەسایەتی جەمشید خان دا.

2- جەمشید خان ڕەمزێکی نموونەیی تاکی کوردە، کە تاکێکی سەرگەردانە ، هەر جارە و پەیوەستە بە حزب و ئاین و مەزهەبێك.

3 - ڕۆمانووس لە زاری گێرەڕەوە خوێنەر ئاشنا دەکات بە ڕابردووی پڕ نەهامەتی و بارودۆخی سیاسی کوردستان لە سەرەتای ساڵی 1979دا. کەواتە مەبەستی ڕۆماننووس ئاشناکردنی تاکی کوردە لەو سەردەمە بە ڕابردووی پڕ نەهامەتی وخراپی حوکمی بەعسییەکان.

4 - کات و سەردەم دەور دەبینێت لە گۆڕانکاری ئایدۆلۆژیی کارەکتەر ئەمەش لە ناخی جەمشیدخان دا بەدی دەکرێت و بەرجەستەبوونیەتی لە واقیعی تاك بە تاکی کۆمەڵگای کوردیدا و بوویتە نموونەیەکی زیندووی ئەو سەردەمە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## لیستی سەرچاوەکان :

یەکەم : زمانی کوردی
1ئاشوری،د - پازارگاد ،(د).ب . (2003) فەرهەنگی نویٚ .چاپخانەی قانع -چاپی دووەم. سلێمانی.
2-ئیلگتۆن.ت. (2017).مارکسیزم و رەخنەی ئەدەبی.چاپی یەکەم- گەنج .و.هاورێ یوسفی.کوردستان-سلێمانی:چاپ و پەخشی رێنما
3-بۆتۆمۆر,ت. (2013). قوتابخانەی فڕانکفۆرت. چاپی یەکەم. هەولێر : بەرێوبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر.
4-بێرتێنز, ه. (2015). بنەماکانی تیۆریی ئەدەبی .چاپی یەکەم - سەردەم . وع. یەعقووبی. کورستان - سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
5-بۆتۆمۆر,ت - میلبەند,ر(2020). فەرهەنگی زاراوەی مارکسیستی .چاپی یەکەم. سلێمانی: دەزگای ئایدیا بۆ فیکر ولێکۆڵینەوە.
6- ڕاجێر, و . (2006). توێژینەوەی تیۆری ئەدەبی .چاپی یەکەم. هەولێر: دەزگای توێژینەوەی موکریانی.
7-سەجادی.ب - مەحموودی.م . (2004) فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی .چاپی یەکەم. هەولێر: بەرێوبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر.
8-شەبانی, ئ . (2010). فەرهەنگی زاراوە سیاسییەکان .چاپی یەکەم. سنە - کردستان.
9-شوان(د).أ.أ (2018). مەلۆیێ لە ئەدەبی منداڵانی کورد.چاپی یەکەم.چاپخانەی هیڤی.
10-عەزیز, د. ح . (2009). بنەرەتەکانی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی .چاپی یەکەم. دهۆك: چاپخانەی خانی.
11-عەزیزی, ه . (2021). ئینسایکلۆپیدیای بیری سیاسی . چاپی یەکەم .سلێمانی: ناوەندی رۆشنبیری ئەندێشە.
12- عەلی، ب .(2020). جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد.چاپی سێیەم.سلێمانی. ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
13-عەلی, ب. (2021). ئایدۆلۆژیست .چاپی دووەم. هەولێر: ناوەندی رۆشنبیری رەهەند.
14-فریدێن, م . (2012). دەروازەیەك بۆ ئایدۆلۆژیا .چاپی یەکەم - هێڤی. هەولێر: دەزگای توێژینەوەی موکریانی.
15-فریفل.ج. (2019). تێزەکانی مارکس و ئەنگلس لە بارەی ئەدەب و هونەرەوە.چاپی یەکەم - تاران . و.ف.مەجید میسری.سلێمانی - دەزگای جەمال عیرفان

16-مەنتك, (د). ح . (2021). ئارکیۆلۆژیای پۆلێنی ڕۆمانی کوردی .چاپی یەکەم. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
17- وێبستێر,ڕ. (2006).توێژینەوەی تیۆریی ئەدەبی.چاپی یەکەم- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە. وع.یەعقووبی. کوردستان- سلێمانی. دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.
دووەم: زمانی عەرەبی
18- سبيلا،م - الهرموزي ،ن (2017). موسوعة المفاهيم الاساسية في العلوم الانسانية والفلسفة.الطبعة الاولي .الرباط - المغرب العربي: المركز العلمي العربي.
19- العروی, ع . (2012). مفهوم الايديولوجيا،الطبعة الثامنة . المغرب - دار البيضاء.
20- مانهايم, ك . (1980). الايديولوجيا واليوتوبيا .الطبعة الاولي .دولة الكويت: شركة المكتبات الكويتية.
21- الماضي،(د)،ش،ع (1993). في النظرية الأدب. دار المنتخب العربي للدراسات والنشر والتوزيع. الطبعة اللأولي .بيروت- لبنان
سێيەم: زمانی فارسی
22- اندرو, و. (1995). ئايدئولوژى هاى مدرن . طبعة اولي . تهران: کتابخانه ملى ايران.

## Ideological Character, for Example “Jamshid Khan Mam’s Novel by Bakhtiyar Ali

**Rebwar Kareem Sleman**
Department of Kurdish language, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
rebwarkareem22@gmail.com

**Supervisor Asst. Prof. Dr. Tanya Asaad Mohammed Salh**
Department of Kurdish language, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
tanya.mohamad@su.ed.krd

***Keywords:*** *Roman, Ideology, Novelist, Character, Narrator, Direction*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## Abstract

This research is entitled " Ideological Character, for example "Jamshid khan Mam's novel by Bakhtiyar Ali. It is an attempt to show and lighting important Topic, name the ideological dimension of the novel, to capture the results of the ideological character. It seems that not much has been done in Kurdish literature, specially ideology in novel. That dimension is less talked about than others dimension. The novel like a modern literary genre, is not empty in ideology, and the character conveys the novelist 's philosophy and Idea to the reader.

-----------------------------------------------------------------

## الشخصية الايدلوجية في الرواية ( جمشيد خان عمي الذي كان دائما ياخذ الريح معه) للمؤلف بختيارعلي

## ملخص

هذا البحث بعنوان الشخصية الايدلوجية في الرواية (جمشيدخاني مامم...) للمؤلف بختيار علي.انها محاولة لاظهار و تسليط الضوء علي موضوع مهم وهي البعد الايدلوجي للرواية. والكشف عن نتائج الشخصية الايدلوجية. يبدو انة حتي الان لم يتم عمل كثير في الادب الكردي ويحتاج اهتمام اكثر و باللأخص الايدلوجية في الروايات. هذا البعد أقل تحدثا عن الأبعاد الأخري من الرواية, مثلها مثل النوع الأدبي الحديث, ليست فارغة في الأيدلوجيا. والشخصية تنقل فلسفة والفكر الروائي الى القارىء الرواية.